نووسینی: عارف باوەجانی

ئەم بابەتە لە 28ی جۆزەردانی 2711ی کوردی.18.6.2011 زاینی لە سیمینارێک لە ژێر ناوی "گەشەی بیری سەربەخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ پێشکەشکرا.



## گەشەی بیری سەربەخۆیی

سەربەخۆیی ئەو چەمکەیە کە لە مێژ ساڵە بە شێوەی جۆراو جۆر شرۆڤەی لە سەر دەکرێت، هیندێک بە بڤەو هیندێک بە مافێکی رەوا لە سەری دەدوێن.

ئەمرۆ هەمووومان پێکەوە لە سەر ئەو مافە رەوایە دیالۆکێکی سالم دروستدەکەین. من لێرەدا بابەتەکە بەو شێوەی خوارەوە دێنمە بەرباس بۆدەسپێکی دیالۆگەکە. هیوادام لە پاش پێشکەشکردنی بابەتەکەی من ئێوەی بەڕێزیش بە بۆچوونی خۆتان، زیاتر دەوڵەمەندی بکەن.

کاتێک باس لە سەربەخۆیی دەکەین، باس لە شتێکی ناحەق و ناڕاست ناکەین، باس لەوە ناکەین کە بۆ خۆشبەختی و سەربەستی خۆمان خاکی نەتەوەیەکی دیکە داگیربکەین، یا ناحەقی بەرامبەر بە خەڵکانێکی دیکەی بێجگە لە خۆمان بکەین. ئێمە باس لە مافێک دەکەین کە هەم لە بواری یاسای نێۆنەتەوەییەوە ئەو مافەمان پێ رەوایە و هەم لە بواری مرۆڤایەتی و ئاشتی وتەبایی و هەم بە پێی ئاین و پەرتووکە ئاسمانەکانیش مافی ئەوەمان هەیە، سەربەخۆ بین.

ئەو مافەی کە ئێمە بە ناوی سەربەخۆییەوە باسی لێوەدەکەین بە زەقی لە نێو جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکانی جیهاندا دیارە و بەرچاوە.

لە جارنامەی مافی مرۆڤ لە بەندی2، لە مادەی یەکەمدا هاتووە: هەموو مرۆڤێک بەبێ هیچ جیاوازییەک بە هۆی رەگەز، ڕەنگ، جنس، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی، یان هەر رایەکی دیکەو بنەچە و بنەمای نیشتیمانی، کۆمەڵایەتی و دارایی و لە دایکبوون یان هەر شتێکی دیکە، شایستەی سوود وەرگرتنە لە تەواوی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لەم بانگەوازەدا هاتوون.

هەر لە مادەی2 لە بەندی دووهەمدا هاتووە: "هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی وئاسایشی خۆی هەیە. " ... بەڵام ئایا کورد ئەو مافەی هەیە؟

یا لە بەندی (5) دا هاتووە: "نابێت هیچ مرۆڤێک ئەشکەنجەو  سزا بدرێت و ڕەفتاری تووند و تیژ و دڕندانەی کەرامەت ڕووشێنی لەگەڵدا بکرێت" ئایا ئەمە بەرامبەر بە کورد نەکراوە ؟ئێستاشی لەگەڵدا بێت سیاسەتی ئەشکنجە و ئازار و ئێعدامی ئێمە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەردەوامە.

لە بەندی 21 دا هاتووە کە: " هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێگەی دیموکراسی و هەڵبژاردنی ئازادو ڕیفراندۆمەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات".

لە مادەی 28 دا هاتووە کە "هەموو کەسێک شایستەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و نێونەتەوەییە، کەلە سایەیدا هەموو ماف و ئازادییەکانی کەلەم بانگەوازەدا نووسراون بە تەواوی وەدی بێنێت".

زۆر بەداخەوە کە لە کۆی 30 مادەدا کە هەر مادەیەکیش چەند بەندی لێدەبێتەوە کورد زیاتر لە 90% لەو مافانەی لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤدا نووسروان بێبەشە.

هەروەها لە پەیمانی سیڤەری نێودەوڵەتی کەلە 20 .8 1920ی زاینی وەک یەکەم پەیماننامەی گرنگی جیهانی واژۆی لەسەرکرا. بە پێێ مادەکانی 62 و63 و64 مافی تەواوی بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی داوەو، هەر لەو پەیمانەدا کورد وەک یەکێک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە.

بەڵام بە دوای ئەو پەیمانەدا لە لایەن دەوڵەتی ئەوکاتی تورکیا پەیمانی شوومی لۆزان لە1921/7/23 واژۆ کراو ئەو مادانەی کە شمولی سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد،هەڵوەشانەوە .

ئابووری و ژێئوپۆلێتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵکەوتەی جۆگرافیایی.

هاو وڵاتیانی خۆشەویست!

خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندە مەزن و پر پیت و بەرەکەتە کە دەتوانین  بە بەڵگەوە بڵێین بە ڕادەی گەورەیی 5 وڵاتە، کە 2 لەو وڵاتانە بۆ نموونە وڵاتانی نەرویج ودانیمارکن، کە هەردووکیان ئەندامی ناتۆن .

خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێجگە لەوەی کە خاکەکەی تێکەڵە لەگەڵ باکور و باشوری کوردستانی مەزن. هاوکات لە لای ئیلامەوە هاوسنوورە لەگەڵ حکومەتی ئێراق، لای ورمی ـوە لەگەڵ ئازەربایجان و هەر لای ئیلام - یشەوە لەگەڵ ئەحواز و لای خواریشەوە لەگەڵ ئێران. یا وڵاتی فارسەکان. کە دەڵێم وڵاتی فارسەکان مەبەستم خاکی نەتەوەکانی دیکەی بندەست نییە.لە لایەنی ئابوریشەوە، هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو بەرهەمە گرنگانەی کە لە جیهاندا باسیان لێوە دەکرێت دەستدەکەوێت. کە گرنگترینیان سامانی نەوەتە. کە ئەوەندە نەوت لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، ئەوەندە لە زۆر وڵاتی سەربەخۆی جیهاندا نییە. بێجگە لەوەش لە چەندین شۆینی دیکە زێرو گۆگرد و هەموو شێوە بەردێکی جو انکاری و کانزایی کە لە بیناسازیدا گرنگن بوونیان هەیە. بە دەیان سامانی دیکەی گرنگ هەیە بەڵام لە لایەن داگیرکەرانەوە دەستیان بە سەردا گیراوە، یا شاردراوەتەوە بۆ ئەوەی ئاشکرا نەکرێت. بێجگە لەوەش لەبوارەکانی کشت وکاڵ ومیوەجات وئاژەڵداری بەشی زۆری ژیانی خەڵکی گوندنشین دابین دەبێت و ئەگەر گرنگییان پێبدرێت بە هۆی زۆربوونی بەرهەمەکانەوە دەتوانرێ هەناردەی دەرەوەیان بکرێت .

بۆ سەربەخۆبوونی هەر نەتەوەیەک کۆمەڵێک فاکتەر پێویست و یاریدەرن، کەوابێت بەشی زۆری ئەو فاکتەرانە لە گەڵی کوردا - بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت –بوونیان هەیە.

(چوون باسەکەمان تایبەتە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نامەوێ لە سەر گشتی کوردستان باسبکەم، لەبەر ئەوەی هەم کاتی زۆر دەوێ هەم لێکدانەوەی زیاتر.چونکە پێموایە ئاسانکاری بۆ سەربەخۆیی بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاترە کە بەم شێوەی خوارەوە باسی لێوە دەکەین).

## ئێرانی داهاتووی پاش ئەم ڕێژیمەی ئیستا، واتە : کۆماری ئیسلامی

ئێران لە پاش نەمانی ڕێژیمی ئیستا، هێزیکی گرنگ لە ناوچە نامێنێت، هەر وەک عێراقی ئیستای لێدێت کە سەردەمانێک سوپای عێراقی بەعسی چۆن کوردی قەتڵ وعام دەکرد، بەڵام ئیستا لەوپەری کزیدایە. یاوەک نموونەی تێکچوونی سۆڤیەت و بۆلغاریا کە بەردەوام نەتەوەکانی بندەست هەموویان بەرەو سەربەخۆ بوون هەنگاویان هەڵگرت، کە نموونەی دوایین نەتەوەکانی جیابوەوە لە بۆلغاریا ، مونتینێگرۆ و کۆسۆڤوو بوو .

کەوابێت ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی کە بە شانازییەوە بتوانین باس لە سەر بەخۆیی خۆمان بکەین. هەروەک وتم نەتەوەی حاکم لە پاش تێکۆچوونی ئەم ڕێژیمە نامێنێت هەر یەک لە کورد و بەلوچ و عەرەب و ئازەری و تورکمەنەکان کۆنترۆڵی ناچەکانی خۆیان دەکەن. ئیتر حاکمێک لە ناوچەکە نامێنیت کەوا بترسین و وابیر بکەینەوە وەک دەوڵەتی عێراق بلێین کە 22 حکومەتی عەرەبی لە پشتە، یا وەک دەوڵەتی تورک بڵێین دەسەڵاتی ناتۆی لە پشتە و ئەگەر یەکیەتییەکی بەهێزی نێوان نەتەوە بندەستەکان هەبێت نەتەوەی باڵادەست هەرەس دێنێ

## کۆسپەکانی سەرڕێگای سەربەخۆیی و چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەیان.

بۆ گەیشتن بەو سەربەخۆیی کە باسی لێوەدەکەین و هەموو یاساکانی جیهانیش پێمان ڕەوا دەبینێت. بێگۆمان بە هۆی کورد بوونمان و نەبوونی دڵسۆز و پشتیوانی جیهانی، لەگەڵ کۆمەڵێک ئاستەنگ و هیندێک بی متمانەیی ناوخۆیشمان ڕووبەڕووین. زۆر پێویستە بزانین چۆن لەگەڵ ئەو کۆسپانە هەڵس وکەوت بکەین .

## کۆسپە ناوەکییەکان.

کۆسپی ناوخۆییمان ئەوەیە، لەگەڵ ئەو پەڕی ڕیز و خۆشەویستمان بۆ تاکتاکی حیزب ولایەنە سیاسیەکانی کوردستان، لەگەڵ کرنۆش بردن بۆ گڵکۆی هەموو ئەو شەهیدانەی لە پێناو کوردایەتی شەهید بوون، دەبێت بڵێین کە مخابن شۆڕشەکانی پێشوومان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێجگە لە کۆماری سەربەخۆیی کوردستان، ئەوانی دیکە وایان فێرکردوین کە ئێمە خەڵکی ڕەسەنی ئێرانین و ئەگەر هیندێک لە مافە سەرەتاییەکانمان دەستکەوێت ئەوا هیچی دیکەمان ناوێت.

ئەم پەروەردە سیاسییە بەو شێوەیە دەرێژەی کێشاوە هەتا سەرەتای ساڵەکانی 2000 ی زایینی. لەوێ بەولاوە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا کەوتە سەرەوەی حیزبەکان و گۆرانکارییەکانی جیهان وای ناچارکردن کە باس لە ئێرانێکی فیدراڵ بکرێت. وا باسدەکرێت کە ئێمە هەموومان لە سایەی ئێرانێکی فیدراڵەوە بژین، ئیدی بیر لەوەناکەینەوە کە ئێمە نەتەوەیەکین لە بواری مێژوو، زمان، جل وبەرگ، نەریت وکلتوور

و زۆر شتی دیکە جیاوازترین لەگەڵ نەتەوەی حاکمی فارس یا نەتەوەکانی دیکەی بندەست. بۆ دەبێت ئێمەی کورد خەمخۆری پاراستنی خاکی وڵاتێک بین کە فارس خۆی بە خاوەنی مێژوو شارستانیەتەکەی دەزانێت؟ ... یا بۆ دەبێ ئێمە لە فکری ئەوەدابین کە مێژووی ئێران بکەین بە هی خۆمان، ئەی بۆ لەسەر ئەو خاکەی کە کوردی تێدا دەژی ئەوەی لە هەزاران ساڵ پێشەوە ڕوویداوەو لەمەودواش روو دەدات، بە ناوی مێژووی کوردستانەوە و وڵاتی کوردستان نەبینە خاوەنی سەروەرییەکانی خۆمان؟... ئیتر وڵاتێک بە نێوی ئێران یا پەرسیالاند –مان و نەمانی بۆ ئێمە چ شانازییەکی هەیە ؟ هیچ شاناز تێدا نابیت چوون ناوی وڵاتەکەی تۆ شتێکی دیکەیە و ئەوەی تۆ دەبیچ بیپارێزی کەرامەتی خۆت و ولات و ناسنامەی خۆتە... نەك کەرامەت و سەروەرییەکانی داگیرکاری وڵاتەکەت!

ئێمە نابێت نەوەکانمان وا تێبگەیەنین کە کۆنترین خەڵکی ئیرانین، ئەگەر بمانەوێ باس لە مێژووی کۆنی خۆمان بکەین دەبێت باس لە ماد بوونی خۆمان بکەین لە مێژوودا، چوون ئەوە نەتەوەو بنەچە و ئەسڵی مێژووی خۆمانە، کە داگیرکەران زۆریش پێی حەساسن وبە ئیمپراتۆری ناوی ناهێنن بەڵکو بە بەشێکی گەندەڵ لە مێژووی ئێراندا ناوی دەبەن کە سەروەری و گەورەیی زاتی ئیمپراتووریای فارسی و ناوی ئەوانی خراپ کردبوو، بۆیە کودەتایان لێی کرد... زۆر مێژوو نووسی کوردمان هەیە کە مخابن بۆ خۆی نازانێ کە پێنووسەکەی بووەتە تەورداسێک و قاچی خۆی پێ ئەبڕێتەوە. گوایە باسی مێژووی کورد دەکات بەس هەمووی لە ئاخرەوە دەبەستێتەوە بەئێرانەوە. لێرەدا پرسیارێک هەیە کە دەبێت هەموومان لە خۆمانی بپرسین و پاشان لەگەڵ نەتەوەی کورد بەرامبەری بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئەو هەموو نەتەوە کۆنانەی مێژوو لە ئوروپا و ئەفریقا و ئەمریکا و ئاسیا، هەموو پێکەوە لەیەك وڵات ماونەتەوە یا سەدان وڵاتیان لێدروستبووە.

ئایا بۆ ئیمەی کورد لە ژێر ناو و ناتۆرەی کۆنی مێژوویی دەبێت هەر بە بندەستی بمێنینەوە ماڵی نەتەوەی دیکەی وەک فارس ئاوەدان بکەینەوە؟ ئەگەر تا ئیستا بە باشی بیرمان لێکردبێتەوە ئەمە بۆ خۆی جۆرێکە لە گەورەترین کۆسپی ناوخۆیی کە هەستیشمان پێێ نەکردوە.

من پێم وایە نەتەوەی کورد پێویستە وەک نەتەوەکانی فەلەستین و تیبتەکانی لای چین و دەیان نەتەوەیی دیکەی بێدەوڵەت خەڵکەکەیان بەوە پەروەردە بکەن کە خاک و زێد و مێژوومان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دەستی بە سەردا گیراوە و پێویستە سەروەریەکانمان بۆ بگەرێتەوە، و بەرەو سەربەخۆیی یەکجاری برۆین. نەک ئەوەی بلێێن فلان ولات وڵاتی هەموومانە .

هەر ئیستاش کە هەزارەی سێیەم و سەدەی بیستویەکەم -ە لەگەڵ ئەندام یا لاینگرانی هەرکام لەو پارتە بەریزانە دەدۆێین، یەکسەر وڵامەکانیان ئەوەیە کە"کورد چۆن دەتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بەڕێوە ببات؟ بۆ ئێمە لەم ئێرانە مەزنە خۆمان دوور خەینەوە؟...". یا دەڵێن : "وڵاتانی دراوسێ ئیزنمان نادەن" و زۆر لەم قسانە کە دەیانساڵە کۆپی دەکرێنەوەو دەگوترێنەوە. بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە ، ئەی چۆن ڕزگارمان دەبێت تا خۆمان ئەوەندە لە مێشکدا پرچەك نەکەین و فیداکاری بو نەکەین؟ مەبەستم لەوەیە کە لە بواری دەروونییەوە مەسەلەی سەربەخۆییان بە مەسەلەیەکی ترس و دڵەڕاوکێ وەرگرتووە و پێێ فێرکراوین.

ناتوانین حاشا لەو ڕاستییە بکەین کە جووڵانەوە سیاسی و فەرهەنگییەکانی هیچ نەتەوەیەکی وڵاتداگیرکراو خەڵکەکەی هاننەداوە خەبات بکەن بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە خاکیان داگیرکردوە

بمێننەوە، ئەویش ئەمجۆرە وڵاتە دیکتاتۆرانە کە چی بە سەر خاک و مێژوو خەڵک و سەروەتیان هێناوین. منیش لەگەڵ ئەوەدام و دەڵێم ڕاستە کە لە سەرەتاوە هەر دەستکەوتێکی سیاسیمان بە دەستهێنا لە کیسی نەدەین، و وەریگرین و کاری دیکەی بە شۆیندا بکەین، بەڵام ستراتیژیی خەباتەکەمان بەوە نەبەستینەوە کە حەتمەن لە چوارچێوەی وڵاتەداگیرکەرەکەدا بمێنینەوە، خەڵکمان وا تێنەگەیەنین کە خاکمان و مێژوومان هی ئێرانە.

جێی خۆیەتی کە خوشک و برا کوردستانیانەکان چیدیکە فریوی قسەی هیندێک مێژوو نووسی ناشیونالیست و ڕەگەز پەرەستی فارس نەخۆن، کە مێژووەکان دەشێوێنن و هەموو سەروەرییەکانی کورد بۆ خۆیان دەبەن. واشمان فێردەکەن کە لە فارسەکان زیاتر شانازی بەو ئێرانەی ئەوان بکەین. پێویستە بە باشی بیربکەینەوەو شانازی بە وڵاتی خۆمانەوە بکەین و ماڵی خۆمان ئاوەدان کەینەوە. با ڕووی قسەشم بگەیەنمە هیندێک فەریکە نووسەر یا تازە بە ناو نووسەر با چیدیکە بە پیت و وشەی کوردی نووکی پێنووسەکانیان بە کار نەهێنن بۆ تێکدانی مێژووی وڵاتەکەیان، با ئەوە بزانن کە هەر ئەو مێژووە لە دوارۆژدا ڕسوایان دەکات. با لەوە فێربین کە چۆن هەموو جووەکان(یەهوودیەکان)ی جیهان بەو پەری دڵسۆزیەوە لە بوارەکانی مادی و مەعنەوی و نووسین و دروستکردنی ڕێکخراوە کەلتوری و مەدەنییەکان، ئەوپەڕی هەوڵیاندەدا کە پشتیوانی جیهانی بۆ ڕزگاری گەلەکەیان کۆبکەنەوە، کە ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی لۆبیان و گرووپی فشاریان دروستکردوە، لە ژێر ناوی پشتیوانی لە وڵات و گەلی ئیسرائیل. لە حاڵێکدا زۆربەی ئەوانەش لەوانەیە ئۆپوزوسیونی وڵاتەکەیان بن، بەڵام پاراستنی خاک و مێژوویان لەسەرەوەی هەموو شتێکە.

ئایا ئەگەر کورد جیابێتەوە دەتوانێ لە بواری ئابوریەوە بژی؟

مێژوو بەڵگەو ڕاستییەکان وسەرچاوەکانی سامانی ژێرزەوی و بەگشتی ئابووری ئاشکراکراوی وڵاتەکەمان ئەوەیان سەلماندووە، کە ئەگەر گەلی کورد لەم سیفەتانەی تێدا نەبایە وەک بوارەکانی: ئابوری و سامانە ژێر زەوییەکان، بەرهەمە کوردییەکانی نێردراو بۆ وڵاتانی جیهانی لە لایەن داگیرکەرانەوە و گرنگیی ئەو بەرهەمانە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ئەوا لە مێژ بوو پاڵیان پێوەدەنایین -کە بە قەوڵی خویان -لێیان جیاببینەوە. بەڵام تاڵانکەرانی سەروەت و سامان و مێژووی وڵاتەکەمان باشدەزانن کە بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بۆ ئەوان لە ناوچەکە مەترسیدارە، چونکە ئەوان ئەو ئابوورییە گرنگەیان نامێنت تا وڵاتانی زلهێز و ئابوری هاوڕێیەتیان بکەن و لە مەترسی بیان پارێزن .

کوردستانیانی خۆشەویست! ئێمە دەبێت هۆشیار و ئاگاداری خۆمان بین کە داگیرکەران بە سەرەوەت و سامانی خۆمان ڕێگریمان لێدەکەن ببینە سەربەخۆ !... هەر بەو سەروەتەمان کۆسپی گەورەی جیهانی ودەرەکیمان بۆ دروستدەکەن، هەر بەو سەروەتە مێژوو نووسان فریو دەدەن، هەر بەو سەرەوەتە مخابن کوردی پێنووس فرۆش ونەفس نزمیش فریو دەدەن، و هەر بەو سەرمایەش خۆیان لە بواری سەربازییەوەپرچەك دەکەن و سەرکوتمان دەکەن.

## کۆسپە دەرەکییەکان

شک و گومانمان لەوەدا نییە کە سەربەخۆیی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم سەردەمەدا لە بەرژەوەندی هێندێک وڵاتدا نیە. کە دەتوانین ئاماژە بە گەورەترین وڵاتی جیهانی وەک ئەمریکا بکەین.

که ئەگەر بە وردی لێیّ بکۆڵینەوە زیرەکی لۆبی فارسی لە ئەمریکا واکاریگەری لە سەر سیاسەتی ئەو وڵاتەدا هەبووە، کە یەکپارچەیی خاکی ئێران باشترین ڕێگایە بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدا.

من باس لە سەردانێکی خۆم دەکەم بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە 3-4-2009 بوو. لە واشنگتۆن سەردانی دامەزراوەی داکۆکیکردن لە دیمۆکراسی م کرد، لەوێ چاوم کەوت بە بەڕێز دوکتۆر میچائیل ئا لیین بەرپرسی گشتی ئەو دەزگایە. پێکەوە لەسەر مەسەلەی سەربەخۆیی کوردو نەتەوەکانی دیکەی بندەست دواین. ناوبراو بۆی گێرامەوە کە جارێک سیمینارێکی بۆ نەتەوەکانی بندەست لە ئەمریکا ڕێکخستووە، کە چۆن فارسەکان زۆر بە توندی هێرشیان بۆ هێناوە. جا مەبەستم لەو باسە ئەوەیە کە لۆبی فارسی لە ئەمریکا ئەوەندە چالاکە، و چەندە خەمخۆری مانەوەی وڵاتەکەی دەکات، بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین وڵاتەکەی خۆشمانیان پێبدەین، تەنیا لەبەر ئەوە  تۆزقاڵێک مافمان پێبدەنەوە.

ئێمەی کوردیش دەبێت زۆر لەوان زیرەکتر بە لۆبییەکی یەکگرتووانەی کوردی، قەناعەت بە ئەمریکا بکەین کە بوونی دەوڵەتێکی کوردی لەو ناوچە هیچ زیان بە سیاسەت و بەرژەوەندی ئەمریکا لە ناوچەکە ناگەیەنێت، بگرە ئاسانکاری و هاوکارییان زیاتر بۆ ڕێکدەخەین.ئێمە دەبێ ئەو کارە لە زۆرینەی وڵاتانی جیهاندا بکەین و پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین.

## نموونەی چەند نەتەوەیەکی ئیستای بندەست، و خۆ بەکەمزانینی ئێمەی کورد

هاوڕێیان ئێمە کە لە وڵاتانی ئوروپایی دەژین و تا ڕادەیەک لە دەرەوەو  لە ناوخۆی وڵاتیش ئاگامان لە کێشەی فەلەستین -ئیسرائیلە، ئاگامان لە کێشەکانی سودان و کۆسۆڤۆ و زۆر وڵاتی دیکە بووە. کارمان بەوە نییە کە کامیان حەقن یا ناحەقن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە:  هەرگیز گوێتان لە فەلەستینیەک بووە بە خۆی بڵێ من خەڵکی ئیسرائیلم؟ یا بیستووتانە بڵێن با پێکەوە لە ئیسرائیلی دیمۆکرات و فیدراڵدا بژین؟ لەحاڵێکدا ئێمەی کورد لە جیهاندا خاوەن یەکدەوڵەتیش نین، نەتەوەی ئەوان لە جیهاندا خاوەنی 23 دەوڵەتە بەم سوودانە تازەشەوە. بەڵام هەر کام لە ئێمەی کورد کە خۆی بە ئاکادیمی و سیاسی دەزانێت یەکسەر شانازی بە ئیرانی بوونەوە دەکات و لە شوێنی کارو  قوتابخانە و ژیانی ڕۆژانەی خۆی بە کوردی ئێرانی دەناسێنێ. تەنانەت وایان فێرکردووین کە خۆمان لە کوردی پارچەکانی دیکەش جیابکەینەوە.

من ڕێزی زۆرم بۆ خۆراگری و زیرەکی خەڵکی لێهاتووی باشوری سۆدانەو  ئافەرین و دەستخۆشانەیان پێدەڵێم کە چۆن توانیان بە فشارەکانیان جیهانیش بێننە سەر ئەو باوەرە کە لە ڕێگەی ڕاپرسیەوە مافی بە دەوڵەتبوونی خۆیان بە دەست بێنن.

ئایا بە ڕاست ئێمەی کورد لە بواری سیاسی و ئابوری و مێژوییەوە بە قەت باشوری سودان توانامان نەبووە. بێگۆمان لەوانیش زیاترمان هەیە، بەڵام وەک ئەوان پەروەردەی سیاسی و نەتەوەیی نەکراوین .

یا سیاسییەکانی ئێمەی کوردیش لە پێناو بە دەستهێنانی ئافەریمێکی ئاغای فلان و فیسار ، ستراتیژی بە دەوڵەتبوونی نەتەوەکەیان لە بیرنەکەن و بیر لە مێژوو بکەنەوە، با قەرزاری مێژوو نەبن .

با ئیتر بەسبێت و لە پشت تریبوونی فارسی زمانەکان بە شانازییەوە باس لە وەحدەتی خاکی ئێران نەکەن، و خەڵک زیاتر هاننەدەن بۆ خۆشەویستی یەکێتی خاکی ئێرانی داگیرکەر!

با ئیتر بەس بێت! ... بۆ خۆ شیرینکردن لای فارسەکان کێ بەرکێ نەکەن... کە کامیان لەوانی تر زیاتر خەمی یەکێتی خاکی ئێرانی هەیە و خۆیان نەگەیەننە کۆبوونەوەی فارسەکان لە ئەمریکا و فەرانسەو ولاتانی ئوروپایی، لە حاڵێکدا هەر ئامادەش نین ولامی بانگهێشتننامەی ڕێکخراوی کوردی بدەنەوە بۆ کۆبوونەوەیەکی چارەنووسسازی وەک بەرە و یەکێتی و تەبایی.

گەلۆ جێگەی ڕەخنەو گلەیی یە کە گەلی کوردی قارەمانی رۆژهەلات لە تاراوگەش پەنا بۆ فارس دەبەن، لە ئەمریکا و بەریتانیا پێویستیان بە کەسانێکی وەک عەلیرەزا نوریزادە و نموونەی ئەوە کە بە کارمەندێکی ئەو وەزارەتەیان بناسێنێ. ئەی کاتی ئەوە نەهاتووە لە خۆیان بپرسن -کە ئەو هەموو ساڵە لە خەبات وماندوونەناسی -بۆ نەمانتوانیوە پێگەیەکی دیپلوماسی بۆ خۆمان دروستبکەین، کە خەڵکی دیکە پەنا بۆ ئێمە بێنن؟...ئایا هەستمان بەمە کردوە ئەمە کەمی و زەعیفی هزری نەتەوەییمانە؟

پیویستمان بە دیپلوماسییەکی گرنگ و ژیرانەیە، دوور بێت لە هزرە حیزبیەکانمان  بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی جیهانی. وەک ناتۆ و پاڵپشتیی نێودەوڵەتی.

هەروەک زۆر لەو کەم و کورییانەی کە لە باسەکانی دیکە ئاماژەم پێکرد، بەو ئاکامەمان دەگەیەنێت لەوە زیاتر کات بە فیرۆ نەدەین و بیر لە دروستکردنی بەرەیەکی نەتەوەیی بە پەلە بکەینەوە. کە لەو بەرەشدا چەند کۆمیتە یا لێژنەی لێدروستبکرێت، کە یەکێک لەو لێژنانە لێژنەیەکی دیپلوماسی بێت، کە بە دوور بێت لە پەیرەوی حیزبییانە و لە کەسانی پسپۆر و لێهاتوو پێکبێت کە بتوانن، نوێنەرایەتی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان لە جیهانی دەرەوەدابکەن و بتوانن پشتیوانی بۆ دۆزی سەربەخۆیی ئەم بەشەی کوردستان کۆبکەنەوە. بۆ نموونە بتوانن لە ولاتە زلهێزەکانی جیهان لە ڕێکخراوە مەزنەکانی جیهانی وەک ناتۆ و هتد ... نزیک ببنەوە. دروستکردنی ئەو لۆبییەو ئەم جۆرەیەکگرتنەمان گەورەترین پێوەرە بۆ بەرەو سەربەخۆ بوونمان.

## پەروەردەی کۆمەڵگا بۆ سەربەخۆیی لە ڕێگەی میدیاکانەوە

هەروەک لە باسەکەی دیکە باسم لە ڕێزگرتنی خەبات وماندوبونی حیزبەکانی کوردستانی کردوە، لێرەش دووپاتی دەکەمەوە، بەلام ئەوەی کە تا ئیستاش لە 2011 داین دەبینین کە بەردەوام ڕاگەیاندنەکانی بەشێک لەو حیزبانە بووەتە سەکۆیەک بۆ کۆکردنەوەی هیندێک لە ناسیۆنالیستە فارسەکان و دیسانەوە باس لە یەکێتی و برایەتی وپێکەوە ژیان دەکەن، هیچکام لەوان بە قەت ئێمەی کورد بە کردەوە ویستی برایەتی و ئاشتیان نەبووەو ناشیانبێت، ئیستا گلۆڵەیان لە لێژیدایە و دەیانەوێ بە قسەی خۆش و زمانی شیرینیان پشتیوانی کورد بۆ تێکەنچوونی ئێرانی دوارۆژ ڕاکێشن. ئەوانە دەزانن نە ئازەری و نە عەرەب و نە بەلوچ و نە تورکمەنسەحرایی یان بۆ ڕازی نابێت. بەلام پێیان وایە کورد لەوەتی هەیە بندەستە و ئەگەر کەمێک دەستیان ئاواڵە بکەن ئیدی باس لە سەربەخۆیی ناکەن. بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو جۆرە بیرکردنەویە پێویستە میدیا کوردییەکان کاتەکانیان تەرخان بکەن بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵگابە هزری ڕەسەنی بەرەو سەربەخۆبون.  پێویستە بۆ سەربەرزی گەل و نیشتیمان هەمیشە سەکۆی سەربەخۆیی بکرێت بە بەرنامەی ئەو کانالانە و ... با کۆمەڵگاکەشمان بەو بەرنامانەدا زیاتر خۆیان بناسنەوە .

میدیا و بە تایبەت سەتەلایت کە بە ئاسانی دەگاتەماڵەکان دەتوانێ گەورە ترین ڕۆڵی هەبێت لە ئامادەکردنی کۆمەڵگا. دەتوانێ هیوا و هومێد لە نێو زەینی تاکەکاندا ببوژێنێتەوە. دەتوانێ فکرو پلانی نەیاران پووچەڵ بکاتەوە. دەتوانێ دیواری ڕەنجی هەزاران ساڵەی کۆیلایەتیی بێهیواییان بڕووخێنێ و گیانێکی تازە ببەخشێ بە کۆمەڵگا.

## ڕوخان وتێکدانی کەسایەتی کورد بۆ بیرنەکردنەوە لە سەرەوەری و سەربەخۆیی

هەر بە مەبەستی شکاندنەوەی کەسایەتی کوردستانی و نەهێشتنی بیرکردنەوە وەک نەتەوەیەک و خاوەن مێژوویەک، داگیرکەری حاکم چەند پلانێکی دیکەی هەمیشە بە دەستەوە بووە، وەک بڵاوکردنەوەی مادەی جۆراوجۆری مەخەددیرات بۆ تووشکردنی کەسایەتییە کوردەکان، و هەمیشە موحتاجکردنیان و دەستەوەستانبوونیان لە بەرامبەریان. بە لایەکی دیکەشەوە هەوڵدان بۆ تێکەڵکردنی هاوسەرگیری لە نێوان کوردو فارسدا. دیارە من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کە بۆ خۆشەویستی و هاوسەرگیری سنوردابنێم، بەڵام شاراوە نییە کە ڕێژیم بەو مەبەستەوە ئەو کارانە دەکات، بە پێێ ئەو ئامارهانەی بە دەستمان گەیشتووە، هاوسەرگیری نێوان گەنجانی کورد لەگەڵ فارس لە ئاستێکی بەرزدایە، بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا زۆر زیادیکردووە. مەبەستەکەش ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم تێکەڵبوونەی بنەماڵە وا دەکات، کە ئەو منالانەی لە باوک و دایکێکی فارس و کورد لە دایکبووە ئەو سۆزەیان بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ نابێت، بگرە خۆشەویستییان بۆ ئەو ئێرانە ئە بێت کە وەک خێزانێک ئەوانی کۆکردووەتەوە.

هەر بەوەش نەوەستاون کارێکیان کردوە کە زۆربەی وشە دێرینە کوردییەکان لە شارە کورد نشینەکان خەریکە کەمکەم لە ناودەبرێت، کە لە کەسێک دەپرسی: باشە بۆ وشە کوردییەکە بە کار ناهێنی؟ لە وەڵامدا دەڵێن : "بابە ئیستا کلاسمان بانە و ئەو وشە قەدیمانە باویان نەماوە..." مەبەست لەوەدایە کە داگیرکەر دەیهەوێ زمانە ڕەسەنەکەی خۆشمان بە فرت و فێڵ لێ بستێنێتەوە تا ئەو گەورەترین بەڵگەیەش لە دەستبدەین.

لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی تێکەڵکردنی شارو ناوچە کوردنشینەکان لەگەڵ ناوچەی نەتەوەکانی دیکە،بە مەبەستی ئاستەنگ دروستکردن و ئاژاوەنانەوە لە نێو نەتەوەکان بۆ ئەوەی بیر لە جیابوونەوە نەکرێت و هەموو ناچاربن تاران بە چاوی نەتەوەکان بهێڵنەوە.

## نەتەوەکانی بندەستیش بۆ سەربەخۆیی خۆیان ئامادە دەکەن

من زۆر جارم وتوومەو ئەمڕۆش دووپاتی دەکەمەوە، کە نەتەوەکانی دیکەی بندەست لە ئێران لە کوردەوە فێری خەبات و بەربەرەکانی بوون لە بەرامبەر ئێرانی داگیرکەدا، لە پاش ئیمەوە دەستیان بە خەباتکرد بەڵام ستراتیژی خەباتەکەیان پێش ئێمەی کورد کەوتووە. لەو وڵاتەی کە ئەمرۆ پێێ دەگوتریت : ئێران ...خاک و سەروەتی ئەم نەتەوانە لە لایەن حاکمیەتەوە کەلە تاران نیشتەجێن، داگیرکراوە.

-1نەتەوەیی کورد و خاکی کوردستان

-2نەتەوەیی بەلوچ و خاکی بەلوچستان

- 3نەتەوەی عەرەب و خاکی عەرەبی ئەحواز

4-نەتەوەیی تورکی ئازەری و خاکی ئازەربایجان

5-نەتەوەی تورکمەنسەحرایی و خاکی تورکمەنستان

6-لەگەڵ چەندین وردە نەتەوەو وردە ئاینی جیاواز لە ناوچەکاندا.

ئەو نەتەوانە خاوەنی دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسین وخاوەنی پێناسەی تایبەت بە خۆیانن، و بە پێی بەرنامەو پرۆگرامی کاری سیاسییان هەموویان ئاماژە بەوە دەکەن، کە بۆ هەر هەلێک دەگەڕێن لە تێکچوونی ئێران، ئەوان سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن. هەر لە ئیستاوە سەرقاڵی ئامادەکردنی خەڵکەکەیان بۆ بیرکردنەوەی سەربەخۆخوازی و ئامادەیی بۆ چۆنیەتی ئیدارەکردنی خاک و خەڵکەکەیان .

ئایا کوردستانێکی یەکگرتوو یا 4 کوردستان، ئاڵا و پێناسەو پەرلەمان؟چەند نموونەیەک

ئەم مەسەلەش زۆر جار باسی لێوەدەکرێت و بە شێوەی جیاواز تاوتوی لەسەر دەکرێت.

بۆ هەمووما‌ن ڕوونە کە نیشتمانی کورد بە هەموو پارچەکانیەوە، یەک وڵاتەو نەتەوەی کوردیش هەمووی یەکنەتەوەیە. ئەو سنوورانەش کە خراونەتە نێوان بەشەکانی کوردستان و بە ڕواڵەت لەتیان کردووە، ئەوەش دیارە کە دەستکردی داگیرکەرانە .

دیارە ناتوانین حاشا لەوەش بکەین کە بەهۆی دابەشکردنی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانەوە لە ماوەی ئەم سەدان ساڵەدا، کارێکی وایکردوە کە لە بواری ژیئوپۆلێتیک و ئاسەواری داگیرکەرانەوە، هەل و مەرجێکی وا دروستبووە کە زەحمەتی زۆری دروستکردوە بۆ خەباتکردن یا ئامادەکردنی کۆمەڵگاکەمان بۆ یەک دەوڵەتی کوردی بۆ تەواوی کوردەکان لە جیهاندا.

داگیرکەرانی ئەو 4 بەشەی کوردستانیش لە ئاست قودرەتی جیهانییەوە جیاوازیان هەیە، هەم هەڵکەوتەی جۆگرافیایشیان جیاوازە. جا لەو پێوەندییەدا بە بۆچوونی من مەسەلەی یەکدەوڵەتی کوردی لە ناوچەکە دەکەوێتەوە کاتێکەوە کە هەموو بەشەکانی کوردستان بە هەر شێوەیەک بێت لە ژێر چنگی داگیرکەران نەجاتیان بووبێت، نموونە ئیستا باشوری وڵات نیمچە رزگارە و ناوی حکومەتی هەریمی کوردستانە، ئەڵتەرناتیڤی دووەم ڕۆژهەڵاتە ، سێیەم باکورە و چوارەم ڕۆژ ئاوا.

لە پاش ڕزگاری هەر 4 بەشەکە، ئەو کات پێویستە ڕاپرسییەکی سەرتاسەری لە نێو خەڵکی کوردستان بکرێت، کە ئایا یەکدەوڵەتی کوردی بە ناوی کوردستانی فیدراڵ، کە ئەو 4 بەشە وەک 4 هەرێمی سەر بە کوردستانی فیدراڵ تێیدا بن، یا وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناوی بنێین وڵاتە یەکگرتووەکانی کوردستان، یا 4 دەوڵەتی کوردی، 4 هێزی کوردی، 4 نۆینەری کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەبێت. جا بۆیە ئەمەش تاوتوێکردنی زیاتر و شرۆڤەی زیاتری دەوێت. من زیاتر لەسەر ئەو خاڵە نادوێم و باسەکە بە جێدێڵم بۆ ئێوەی بەڕیز .

دروستکردنی پارلەمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە

هەڵسەنگاندنی ڕووداوە مێژووییەکان وامان پێشاندەدەن کە کورد هەتا بێت و لە ژێرناوی سیاسەت و تاکتیک پرۆژەی سەربەخۆیی دوابخات، لە بواری کەسایەتی نەتەوەیی یەوە دادەبەزێت و بیر و هزرەکە لە مێشکی خەڵک بە شکڵی دیکە دەدزێت، وەک نموونە ئستا زۆر جار دەگوترێت: بابە باوی سەربەخۆیی

نەماوە دونیا بووتە گوندێکی بچووک و هەموو پێکەوە دەژین". من پێموایە بە کارهێنانی ئەم جۆرە ڕستەیە ئەمەش زیرەکییەکی دیکەی داگیرکەرانە کە بە کوردی وەریان گێراوەو بە کاری دێنن بۆ کوشتنی هزری سەربەخۆیی لە نێۆتاکی کوردا. هەر لەو پێوەندییەدا بوونی پەرلەمانێکی کوردستانی لە تاراوگە یەکێکە لەو پێویستیانەی ئیستامان.کە دەتوانی ئەرکی پاڵاوتنی کلتووری بێگانە لە کلتووری خۆماڵی بگرێتە ئەستۆ و کاریش لەسەر بەهێزکردنی توانا نەتەوەییەکانمان بکات.

وەک ئەزموونی زۆربەی گەلان و نەتەوەکانی دیکەی بندەست لە مێژوودا با هەوڵبدەین پەرلەمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە دروستبکەین. ئەگەر لەم پەرلەمانەدا بە یەکێتی و یەکگرتووانە تێیدا بەشداری بکەین و گرنگی پێبدەین، ئەوا بێگومان دەتوانین لە ئاست جیهانەوە سەرنجی پشتیوانان و دڵسۆزانی دۆزی کورد بۆ ئەم پەرلەمانە ڕاکێشین و دەنگی متمانە و ... پشتیوانیی سیاسی و ئابووری لە چەند وڵاتێکی زلهێزی جیهان بۆ وەربگرین .

من وەک خزمەتکارێکی ڕێگای سەربەخۆیی وڵاتەکەم لە 2006 وە زۆر جار ئەوەم باسکردوە، بەڵام مخابن بە هۆی بێباوەڕی و یەکنەبوونمان، ئەم جۆرە پێشنیارەیان بە خەیاڵ و "بەردی قورس دەستدان" پێناسە کردوە.

لە لایەکی دیکەوە بوونی ئەو پەرلەمانە لە تاراوگە یا لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەیە کە دەتوانێ ڕۆلی حکومەتێکی کوردی لە تاراوگە ببینێت تا سەردەمانێک وڵات ئازاد دەبێت، و دەگەڕێینەوە نێۆ خۆی وڵات، ئەو کات ئەو پەرلەمانە بۆ خۆی دەوری نامێنێت و پەرلەمانی دیکە بە دەنگی خەڵک وبە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک دروست دەبێت.ئەمەش وامان لێدەکات هەموو کێشەکانمان لە شوێنێکدا و لە کۆبوونەیەکی هەمەلایەن و گشتگیردا تاکو ئازادبوونی وڵاتەکەمان باس بکەین و دەنگە ناسازەکانی دوژمنیشی پێ شەرمەزار بکەین.

دیارە لێدوان لەسەر شێوەی ئەم پەرلەمانەو چۆنیەتی کارکردنی، کاتی زۆری دەوێ و پێویستە لە کۆبوونەوەی تایبەت بەم پرۆژەو بە بەشداری و ئەزموونی کەسانی پرۆفێشنال بە باشی لە سەری شرۆڤە بکرێت.

## نموونەی چەند وڵاتێکی سەربەخۆ لە ساڵی 1975 تا 2011

هەر لە ساڵێ 1975 تا ئیستا کە 2011 یە و دەبێتە 36 ساڵ. لە ماوەی ئەم 36 ساڵەدا ، 48 نەتەوە توانیویەتی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بە دەست بێنن، بەڵام هیندێک لە لایەنە کوردییەکان تا ئیستاش پێیان وایە باسکردنی سەربەخۆیی بۆ کوردستان زووە و کاتی نەهاتووە. دیارە بە قسەی ئەوان دەبێت ڕاوەستین تا 100 ساڵی دیکەو بزانین سەدان نەتەوەی دیکە دروست نابێت و نابێتە دەوڵەت، جا ئەو کات بروا بە خۆمان بکەین و بلێێن ئیستا کاتی هاتووە . من لەناو هێنانی هەر48 دەوڵەتەکە لەم سیمینارە بە مەبەستی ئەوەی کە ئێوەی خۆشەویست ماندوو نەکەم دەبوێرم، بەڵام تەنیا دەمەوێ ئەوە بلێم کە نزیک بە 21 لەو وڵاتەنەی کە لەو 36 ساڵە بوونەتە دەوڵەتی سەربەخۆ ژمارەی دانیشتووانیان و ژێرخانی ئابووریان، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمترە.

سوپاس بۆ هەموو لایەکتان، بەو هیوایە لە باسەکەمدا دڵی کەسم نەڕەنجاندبێت و ئەوەی وتوومەو دەیلێم تەنیا مەبەستم خەمخۆرییە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەکەم نەک کەمبایەخکردنی خەبات و چالاکی هیچ لایەنیك.

دڵسۆزتان

عارف باوەجانی.